ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# سەفەر لەگەڵ باران

## چەند وشەیەك بۆ مەرگی شەیما وسارا ئەیوب

ڕێدار ئەحمەد
redarus@yahoo.com

ئەو ڕۆژەی حکومەت لە هەولێر ئەم خەندەقەی بە دەوری شاردا لێدا مەبەستی بوو گیانی هاوشارییان بپارێزێت ..بەڵام وائەوڕۆ ئەم خەندەقە ئەبێتە دوا وێستگەی ژیانی شەیما و سارای خوشکی..

ڕۆژ: هەینی بەروار: ٢٠٠٥/٠٢/٠٤

شوێن : خەندەقی درەوەی شار نزیك گەڕەکی کوردستان.

ڕووداو : سارا و شەیما ئەیوب لەگەڵ دایکیاندا کە لە یەکێك لە دەواجنەکانی دەرەوەی شاری هەولێر نیشتە جێیە دەگەڕانەوە ، بارانێکی زۆر دەباریێت و لەکاتی پەڕینەوەدا بەسەر پەردە بچووکەکەی سەر خەندەقەکەی دەرەوەی شاردا دەکەونە خوار، پاش هەوڵێکی زۆری دایکی بێسوود دەبێت و بەیەکجار ماڵئاوای لەژیان دەکەن. ئەم بەیانییە باران بەخوڕ دێتە خوارێ و پەیامێکی جەرگبڕی بۆ شار پێیە.. سارا و شەیما دوێنێ پێنجشەمە لەگەڵ دایکیان و برا بچووکەکەیاندا بەشادییەوە لەم خەندەقە پەڕینەوە تا سەردانی ماڵی پووریان بکەن بۆ هەینی بێنەوە ماڵی خۆیان و بۆ سبەینێ رووبکەنەوە قوتابخانەی شەرەفکەندی سەرەتایی و پاش پشووی نیوەی ساڵ بەدیداری هاوڕێکانیان شادبنەوە. کە دوو گوڵی هەڵوەریو و دەست لەملانی باران ئەبن ، شینی بەهار بۆ هەڵوەران شار پڕئەکات لەهاوار و ئەشك، دێت و لەدەروازەی ماڵی هەموو دڵە زیندوەکان ئەدات ، دێت و پەیامی ماتەم ئەداتە رەحلەیەکی چاوەڕوانی پۆلی دووەمی سەرەتایی قوتابخانەی شەرەفکەنی و پێی ئەڵێ: چیدی چاوەڕوانی پێکەنینی سارا مەکە، ئیدی شەیما جارێکی تر نایەتەوە بەم پۆلەدا.. کتێب و دەفتەرەکان ئێوەش بەداخراوی بمێننەوە، مامۆستای کوردیش بەحەسرەت لە و رەحلە چۆڵە رابمێنە و ئەم وانەیە لە بری وانەی خاتوو زین بە منداڵەکان بڵێ : دوێنێ دایکی سارا و شەیما کە لەماڵی پلکیان دەگەڕانەوە کەوتنە نێو کەندەکەی دەرێی شارو مردن.. مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی تۆی بەڕێزیش ئەم وانەیە باسی گەورەیی ئەو پاداشتە بکە خوای گەورە داینا وە بۆ ئەو دایك و باوك وکەسانەی داناوە کە لەکاتی کارەساتی وا گەورەدا ئارام دەگرن و ( انا لله) ویردی سەر زاریانە و دڵنیان دوو گوڵە خۆشەویستەکەیان ئێستا میوانی بەهەشتن. خوای گەورە سەبووری دڵی دایە و بابە و هەموو ئەو کەسانە بدات کە ئەم هەواڵە دڵگران و نیگەرانی کردن.. ماڵئاوا سارا خان .. ماڵئاوا شەیما خان.. سەفەری سپی ژیانتان شاد.